# خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو باڵغێکی نێر، وسیواک بکات، وبۆن لە خۆی بدات ئەگەر هەبوو

لە عەمروی کوڕی سەلیمی ئەنساڕیەوە دەڵێت: شاهێدی دەدەم ئەوەی کە ئەبی سەعید دەڵێت: شاهێدی دەدەم لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو باڵغێکی نێر، وسیواک بکات، وبۆن لە خۆی بدات ئەگەر هەبوو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: شاهێدی دەدەم لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-): واتا هەواڵێکتان بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- بە دڵنیایی ویەقینەوە وبە ئەوپەڕی زانست وعیلمەوە. (-صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو باڵغێکی نێر»): دووپاتکراوەتەوە لەسەر خۆشۆردنی مسوڵمانی نێری باڵغ لە ڕۆژی جومعەدا، ئەگەر جیماعی کردبێت یان جیماعی نەکردبێت، لەشگران بووبێت یان نەبووبێت، وئەو فەرموودەی کە ئەم خۆشۆردنە -غوسڵە- لە واجب بوون دەردەکات فەرموودەی سەمورەی کوڕی جوندوبە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «من توضَّأَ يوم الجُمعة فَبِهَا ونِعْمَتْ، ومن اغْتَسَل فهو أَفْضَل»، واتە: «هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت لە ڕۆژی جومعەدا ئەمە کردەوەیەکی باشە، وئەوەی خۆی بشوات ئەمە باشترینە»، واتا هەرکەسێک بۆ نوێژی جومعە تەنها دەستنوێژ بگرێت وبچێت بۆ مزگەوت ئەوا ڕوخسەتی وەرگرتووە وتەنها دەستنوێژگرتن بەسە بۆی، وئەوەی خۆی بشوات (غوسڵ بکات) ئەوا ئەمە باشترە پاداشتی زیاترە وسونەتە (موستەحەبە). («وسیواک بکات»): واتا دەمی پاک بکاتەوە بە سیواک وپاشماوەکانی تێدا فڕێبدات بۆ ئەوەی بۆنی دەمی خۆش بێت ومسوڵمانان بێزار نەکات، وسونەتە وفەرموودەی زۆری لەسەر هاتووە. («وبۆن لە خۆی بدات ئەگەر هەبوو»): واتا هەربۆنێکی خۆشی هەبوو لە خۆی بدات، ئەگەر ئەم سێ کردەوەیە ئەنجامبدات ئەوا سونەتی بە ڕێکی وجوانی جێبەجێ کردووە وبۆیە پێویستە مسوڵمانان بە پێی توانا هەوڵبدات سونەت جێبەجێبکات بۆ ئەوەی پلەی بەرز بێتەوە لای خوای گەورە وخۆشی بوێت. سەبارەت بە ئافرەتان دەتوانن ئامادەی نوێژی هەینی بن وخۆیان بشۆن وسیواک بکەن بەڵام نابێت بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن لە کاتی چوون بۆ نوێژی هەینی یان دەرەوەی ماڵ چونکە تێکەڵ بە پیاوان دەبن لە ڕێگاوبانەکاندا وئەمیش دەبێتە هۆی فیتنە وکردنەوەی دەرگای شەیتانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10036